# له كوردستان بەرپرسی کەمپینی دادگایـــــــکردنی صەدام حسین لەسەر "5 " دەقیقە قسەکردن تـا ئێستا لە زیندانی ئاسایشی سلێمانیدایە!

رێبوار عارف " بەهادین وەستا بەکر"بەرپرسی کەمپینی دادگایکردنی صدام حسین کە تا ئێستا زیاتر لە 300 هـەزار ئیمزای کۆکردۆتـەوە لـە پێنـاو دادگـایکردنی صـەدام حسـین دیکتـاتۆری پێشـووی عێـراق و سـەرانی بەعسـداو چـەندین کۆبونـەوەو دیـداری ئەنجامـداوە لەگـەڵ ڕۆشـنبیران و وەزیـران و پـارێزەران و جـەماوەری خـەڵکی کوردسـتاندا، هـەروەها وەك بەرپرسـی فیدراسـیۆنی گشـتی پەنابـەرانی عێراقـی لـەدەرەوە، هـەزارەها نامـەی پشـتیوانی نـاردوە بـۆ پەنابـەران لـە پێنـاو وەرگرتنـی پەنابـەرێتی سیاسـیدا، لـە ڕۆژی 5/4دا پـاش ئـەوەی کـە بەشدارییەکی چالاکانە دەکات لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی کە بـەرپایانکردبوو دژ بـە گـەندەڵی ئیـداری و گاڵتـە کـردن بەزانسـت و بڕوانامەکانـەوە، لەلایـەن ئاسایشـی سـلێمانیەوەو بـە ئـەمری شەخسـی سـەرۆکی حکومـەتی سـلێمانی"عومـەر فـەتاح" حیجـز دەکرێت و تا ئێستا هەر لە زینداندایە.

لە کوردستان، وە ناوچەی ژێـر دەسـەڵاتی یـەکێتی نیشـتمانی و گـەورە بەرپرسـانی و ڕۆژنامـە وکەناڵـەکانی تەلـەفیزیون، ڕۆژانـە بـە لێشـاو پڕوپاگەندە دەکرێت کە گوایا "ئازادی" هەیە، کە بیرورا ئازادەو کـەس لـە سـەر دەبڕینـی بیرورأی جیـاواز زینـدانی ناکرێـت و....بـەڵام ئـەم پڕوپاگەندانـە هـەمووی سـەردێری هەواڵـەکان و ڕۆژنامـەکانی پـێ دەڕازێنرێتـەوەو ڕەئـی گشـتی جەماوەریشـی پـێ فریـو دەدەرێت. ڕیبـوار عارف، تەنها لەسەر ئەوە زیندانی دەکرێت، لە بەرئەوەی پشتیوانی خۆیو ڕێکخراوەکەی ڕاگەیاندوە بۆ داوکاری و خواستی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، هەر لەبەرئەوە زیندانی کرا چونکە قسەکانی بە قازانجی خوێندکاران بووەو بەرپرسان و ئاسایشی تەنگە تاو کردبوو.

ئێمـە وەك لێژنـەی سەرپەرشـتی کـەمپینی دادگـایکردنی صـەدام حسـین و سـەرانی بەعـس وێـرای ئیدانـە کـردنی ئـەم تاوانـەی کـە یـەکێتی ئەنجامیداوە، داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین، وە بەتایبەت داوا لە پاریزەران و ڕۆشنبیران و خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی دەکەین، کە نارەزایەتی خۆیان دەرببڕن بەرانبەر بەم هەنگاوە دژی ئازادییەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ناچاری بکەن کە ڕێبوار عارف دەستبەجێ ئازاد بکرێت و هەروەها فشاریان بخرێتە سەر بۆ ئەوەی ڕیز لە ئازادی سیاسی و بـە تایبـەت ڕێـز لـە ئازادی بیرو ڕاو ئازادی خۆپیشـاندان و مـانگرتن بگـرن، لـە هەمانکاتـدا داوا لـە ڕیکخـراوە چـەپو ئینسـان دۆسـتەکان و ئەمنسـتی ئەنتـەر ناسـیونال دەکـەین کـە ئـەم هـەنگاوە سەرکوتگەرانەی یەکێتی نیشتمانی ئیدانە بکەن.

**لێژنەی سەرپەرشتی**

**کەمپینی دادگایکردنی صەدام حسین و سەرانی بەعس**

2005/5/6